# هێزی ئەمان بەرپەرچی کارێکی لەناوبردنی تایەفی دەکات،لە ناوچەی المحمودية و
# کردنەوەی خوولی دووەم بۆ هێزی ئەمان

ناوەندی هەواڵی " معا":المحمودية– بەغدا3-11-2006

هێزی ئەمان بەرپەرچی هەولێکی ملیشیا تایەفی یەکان دە داتەوە ،لە ناوچەی الثورة لە المحمودية،کە دەیان ویست کارێکی لەناوبردنی تایەفی بە ئەنجام بگەیەنن.پێکدادانەکەی نێوان هێزی ئەمان وملیشیا ی ناوبراو زیاتر لە 20دەقیقەی خایاند،کە تێیدا چەکی سووک بەکار بردرا.یەکێ لە هێزی ملیشا بریندار کراو ناچاربوون بە پاشەکشەکردن.بەرپرسی هێزی ئەمان لە ناوچەکە ڕوونی کردەوە کە باندی ناوبراو بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەسەر بنەمای ناسنامە هێرشەکەیان کردبوو لە بارەگای "حزبی ئیسلامی" لە مەحمودیەوە دەستیان کردبوو بە هێرشەکە.

پاش تەواو بوونی شەرەکە،خەڵکی ناوچەی الثورە و سیمای ئەوناوچەیە،کە لە پانتایی 500یەکەی نیشتەجێبوون ،دەژین ،پێشوازی گەرمی ئەندامانی هێزی ئەمانیان کرد.

لەلایەکی کەوە بەرپسێکی هێزی ئەمان بە ناوەندی هەواڵی معا ی ڕاگەیاند،کە خوولی دووەمی هێزی ئەمان لە ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 4ی تشرینی دووەم دەکرێتەوە،ژمارەیەک لە خۆبەخشکردوانی تازە ،پاش سەرکەوتنیان لە چاوپێکەوتنی یەکەم.بەشداربوان لە ناوچە جیاکانی بەغداوە هاتوون وەک:الشعب،القاهرە،الکسرە،الکرنتیتە،گەرەکی پزیشکان،المحمودیە وبەسرە.